شیعری هاوچەرخی کوردیی کەرکوك نێوان ١٩٦١-١٩٧١ سیمای نوێگەری

- د. محەمەد ئەحمەد سەعید

مامۆستا لە بەشی کوردی

کۆلیجی زمان / زانکۆی سلێمانی

پێشەکی

ئەم باسە لێکۆلینەوەیەکی وەسفی مێژوویی‌یە دەربارەی بزاڤی شیعری کوردی ناوچەی کەرکوك ،نێوان ١٩٦١-١٩٧١ ،لەبەر گرنگی و ناسکی ئەو قۆناغە مێژوویی‌یەی کەرکوك کە تیایدا ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و کلتوری ئەو شارە لە هەڵکشان و داکشان دا بووە . کە کاریگەریی ونەقشی خۆی لەسەر رەوشی ئەدەبی کوردی (شیعر) بەجێ هێشتووە , ئەمەو نەبوونی بابەتێکی ئەکادیمی ئەوتۆ لەو بارەیەوە ، وێرای کەمی سەرچاوەش وای کردووە کە لایەك لەو قۆناغەی شیعر بەسەر بکەینەوە و چەند شاعیرێك و نموونەی شیعریان بکەینە کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەمان کە بە سەر سێ تەوەرەدا دابەش کراوە .

تەوەرەی یەکەم لە پێشینەیەکی ئەو قۆناغەو فاکتەرەکانی سەر هەڵدانی نوێگەری شیعری کوردی کەرکوك ئەدوێ.

لەتەوەرەی دووەمدا کەئەزمونە شیعرییەکانی شاعیرانی سەرەتای ئەوقۆناغە تا کۆتایی

شەستەکان هی شاعیران شێخ مارفی بەرزنجیو لوتفی و پاشان لەتیف هەڵمەتو ئەنوەرشاکەلی و سەلاح شوان بەسەرکراونەتەوە چەند دەقێکی شییعریان بوونەتە کرۆکی تۆژینەوەکە .

لەتەوەرەی سێیەم دا وەك بەردەوامییەکی ئەو قۆناغە لە کۆتایی شەستەکانەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان ناوە ناوەش لەو مێژووەش ترازاوە لەئەزمونە شیعرییەکانی هەرسێ شاعیر لەتیف و ئەنوەر و سەلاح ئەدوێ . بۆ گەلاڵەو ئامادەکردنی ئەم توژینەوەیە سود لە هەندێ سەرچاوەی کوردی وعەرەبی کۆن ونوێ ودیوانە شیعرییەکان , چاپە سەرەتاییەکانیان وەرگیراوە ....

تەوەری یەکەم

شاری کەرکوك وەك شارێکی کوردستانی و فرە کەمینە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی دا هەمیش پڕبەها و گرنگ و بایەخ داربووە, لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیو سیاسی و دوایش ڕۆشنبیرییەوە , ئەمەیدوایيان کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر بزاڤی شیعری کوردیدا هەبووە, لەم ڕووەوە ئەبینین.

* هەر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە سەرەتاتکێ یەکی تری جووڵانەوەی ئەدەبی تیایدا سەری هەڵدا, کە جۆرە هاوکاری و تەبایەکی هاوبەشی نێوان نووسەرانی کورد و کەمینەکانی تری تیا بەرچاو ئەکەوت , ئەم سەرهەڵدانەیش لە لایەن کۆمەڵێ نوسەرو ڕۆشنبیری خەڵکی کەرکوکەوە لە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری لە نیوان ١٩٥٥-١٩٦٤ دا هەوڵ و تەقەڵلایەکی ئەدەبی و هونەری و شیعریان دا , لە کوردەکان محێدین زەنگەنە و سەلاح فایەق و زوهدی داودی و حسین عەلی هەورامانی و عبدولعەزیز خانەقاو یوسف حیدری , کە رۆڵی گرنگیان لە پیشخستنی باری رۆشنبیری شارەکەدا هەبووە ئەم دەستەیە ناوی گروپی کەرکوك , یان (هاوڕیانی بەد) یان لە خۆنا[1] بە کۆمەڵێ تێڕوانینی نوێ وە بەرامبەر بە ئەدەب و شیعر هاتنە مەیدانەوە , هەوڵی بەرەو پێش بردنیان ئەدا , هەر لەناو ئەم دەستەیەدا یوسف حیدری کورد لەگەڵ عەبدولصەمەد خانەقا دا لە چەندین کۆبوونەوەدا لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری شارەکە بیریان لە دەرکردنی گۆڤارێك کردەوەکە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاوی بکەنەوە مەخابن لە بەر جیاوازی بۆچوون و چۆنیەتی کارکردن هەندێ لە ئەندامانی دەستەکە ئەو کارەیان نەهێنایە دی [2] .

بێگومان هەوڵی ئەم دەستەیەش فاکتەرێکی هاندەر بوو بۆ پێشخستنی رەوتی ئەدەبیو شیعریی شاری کەرکوكو کاریگەری خۆی لە سەر شاعیران رەنگی دایەوە وتەنانەت توێژو ئەتنیە جیاوازەکانیش

* بوونی چەندین شاعیری تری کوردی پێش ئەم قۆناغە ،کە توانیان بەشێکی ناوەرۆکە شیعرییەکانیان بخەنە بەردەم نەوەکانی داهاتوو،دەقەکانیان بوون بە کەرەسەو کلتورێکی زیندوو . وەك سەرچاوە وبەرهەمە شیعرییەکانی شاعیران صابری و لوتفیو شاکەلی وئەسیری ومامەند کەرکوکی وشێخ مارفیبەرزنجی وچەندانی تر بە شیعرەکانیان گەشەیان بەبزافی شیعری کوردی کەرکوك دا .....

* ئەو پەیوەندییە رۆشنبیرییەی نێوان نووسەر و شاعیر ورۆشنبیرانی هەردوو دەڤەری کەرکوك و سلێمانی یا بەشێکی ئەدیبانی هەردوو لا ماوەیەکی ژیانیان لە کەرکوك‌و سلێمانی بەسەر بردووە ، ئەمە وای کردووە جۆرە تێکەڵی وئاشنایەتی‌یەك دروست بێت ، شاعیرانی کوردی کەرکوك بە بزووتنەوە شیعرییە نوێیەکەی سلێمانی کاریگەربوون کە گۆران‌و شێخ نوری شێخ سالح نوێنەرایەتیان کردو پاشان کامەران موکری وسالح دیلان‌و هاورێکانیان بەردەوامییان پێدا .

* بەوەی کە کەرکوك لەباری ئابوری‌یەوە ناوچەیەکی گرنگ وستراتیژی بوو کانزای نەوتی تێدا دۆزرابووەوە . پاش داگیرکردنی لەلایەن ئینگلیزەکانەوەکۆمپانیابازرگانی‌یەکان بەرنامەی کاری چالاکی خۆیان تیادا پەرە پێدا . جۆرەپەیوەندی وئاشنابونێك لە نێوان دانیشتوانی کەرکوك‌و ئینگلیزەکان پەیدا بوو , کۆمەڵێ رۆشنبیرو نووسەری ئەو شارە بەهۆی ئەو تێکەڵی‌یەوە فێری زمانی ئینگلیزی بوون بە ئەدەب ورۆشنبیرییەکەی ئاشنا بوون ، وەك دەرکەوتووە کە رۆشنبیرانی کەرکوك‌و بەغدا پێش شوێنەکانی تری کوردستان وعێراق بە بزاڤی ئەدەبی و شیعریی ئینگلیزی ئاشنا بوون . کەواتە کەرکوك لە چاو شوێنەکانی تری کوردستان ،رۆشنبیرەکانی لەو بارەیەوە لە پێش دا بوون چونکە ((لە کۆتایی شەستەکان دا بەغدا و کەرکوك بەهۆی پێگەی رۆشنبیریی هەردوکیانەوە بەهۆی بەیەکا چوون‌و پێك گەیشتنی بیرو باوەڕو رەوت‌و رێبازەکانەوە ، بەهۆی زۆری سەرچاوەی رۆشنبیریی بێگانەوە ،کە بووە هۆی ئەوەی ببنە سەنتەرێك‌و رۆڵی بنەرەتیان بینی لە کاریگەریی و کار تێکردنی بۆ سەر هەڵدانی ئەڵقەی گۆڕانی ئەدەبی کوردی لە عێراق دا)) .[٣]

* بوونی چەندین گۆڤارو رۆژنامە کە لە پەنجاکانەوە دەرئەچوون وەك شەفەق‌و ئازادی‌و پێشرەو تاد... لاپەرەکانیان لە بەردەم نووسەران دا بۆ بڵاوکردنەوە ئاواڵە بوون زەمینەیەکی لەباری خولقاند بۆ هاندان و بڵاوکردنەوە .

* دوای شۆرشی تەموزی ١٩٥٨ باری رۆشنبیریی کوردیی گۆڕوتینێکی نوێی بەخۆوە بینی ،کۆمەڵێ رۆژنامەو گۆڤاری تر ماوەیان بۆ رەخسا و ئەوانەی پێشووش زەمینەی فراوانتریان بۆ خۆش بوو ، بۆ ماوەیەك ئەگەر کەمیش بووبێ نەزایەکی ئازادی دیموکراسی و را دەربرین کەوتەوە لەمپەرەکانی بەردەم نووسەران لابران .

* سەرهەڵدانی شۆرشی‌ئەیلولی ١٩٦١ی کوردو بەر پەرچ دانەوەی لەلایەن دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە کە بووە هۆی سەرهەڵدان‌وشڵەژانێکی ئەوتۆ دۆخێکی نالەباری بۆ کۆمەڵگای کوردەواری لەباری سیاسی و ژیاری‌یەوە خولقاند .ئەو دەمە کورد ناخۆشترین دۆخی بەسەردا سەپێنرا .چونکە پەلاماری سەربازی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان و بەتایبەتی شاری کەرکوك‌و دەوروبەری وپاشەگەزبوونەوەی حکومەتەکەی عبدولکەریم قاسم لە بەڵێنەکانی خۆی بەرامبەر بەکورد . وپاشانیش کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٣ دەسەڵاتی بەعس کەبە هەموو توانایەکیەوە لە هەوڵی سڕینەوەی سیمای کوردەواری‌دا بوو . هەر لە پەلاماری سەربازی‌و قەدەغە کردنی هەرچی چالاکی رۆشنبیری‌و کوردیی‌و داخستنی هەموو گۆڤارو رۆژنامەکوردی‌یەکانەوە

تاوەكو سنورداركردنی رۆشنبیریی كوردی وسانسۆر دانان لەسەری ، كەتارادەیەكی بەرچاو كاری كردە سەركزی جولانەوە رۆشنبیریی و ئەدەبییەكەی كورد .سەرباری شەری ناوخۆیی و ململانێی سیاسی خودی كۆمەڵگای كوردی وچوارچێوە و پرۆگرامە كلاسی‌یەكەی شیعری كوردی‌و زاڵ بوونی بە سەر فەزای شیعری كوردی بوون بە لەمپەر لەبەردەم بزاڤو رێبازە نوێیەكەی شیعری كوردی كەركوك ... ئەمە لەلایەكەوە ماوە ومەودای بلاوكردنەوەی ئاشكرای لەبەردەم شیعری نوێدا قەتیس كرد لەلایەكی ترەوە وێرای ئەودۆخە ئالۆزەی كوردستان‌و شاری كركوك . وێرای ئەو بەر تەسك بوونەوەی فەزای جولانەوەی رۆشنبیریی و ئەدەبی و شیعری كوردی ، كۆمەڵێ شاعیر وكۆمەڵێ دەقی شیعری حزورو ئامادەبوونی خۆیان سەلماند .... هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ ەوە بەكۆمەڵێ دەق‌و ناوەرۆكی جیاجیاوە بەگۆڕانێكی بەرچاوەوە لەناوەرۆك و روخسارەوە ئەو شاعیرانە هاتوونەتە مەیدانەوە بەشێكی ئەو كۆشش‌و كارانە هەر لەدوو توێی دەستنووس‌و نامیلكەی جیاجیادا چ بەنهێنی چ بەئاشكرا خۆیان دەرخست ، ئەم شاعیرانە و شیعرەكانیان لە كاریگەریی و كارتێكردنی ئەو فاكتەرانە بەدەرنین كە لە سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان بۆ كراوە . هەر ئەوانەش بوونە بناغەو بنەمای شیعرەكانیان وەك بەردەوامیەكی بزاڤە شیعریەكەی شاری كەركوك . بوونە بەشێكی گرنگی كلتوری رۆشنبیری وئەدەبی ئەو شارە لەكەركوك دا بەتایبەتی كۆتایی شەستەكان‌و دوای بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ ی نێوان شۆرشی كوردو حكومەتی ئەوسای عێرا ق دا ئەتموسفێرێكی سیاسی و كۆمەلایەتی و رۆشنبیریی گونجاوی بۆ رەخسا. زەمینەیەكی لەباری لەبەردەم رەوتە ئەدەبی شیعرییەكەدا خۆش كرد ،كە بەرگێكی نوێگەری بەبەرا كرد ،چونكە بەشێكی زۆری چاپەمەنی‌یە كوردی‌یەكان لەعێراق دا لەلایەن كوردەكانەوە چاودێری ئەكران و بەرێوە ئەبران ،هەروەها چەندین رێكخراو و دەزگای رۆشنبیریی و ئەدەبی زانستی تایبەت بە كورد دەرچون‌و دامەزران ، وەك بەرێوەبەرێتی خوێندنی كوردی, دەزگای رۆشنبیریی و بلاوكردنەوەی كوردی , گۆڤاری بەیان‌و رۆشنبیریی نوێ‌و رۆژنامەی هاوكاری ودامەزراندنی یەكێتی نوسەرانی كوردو گۆڤاری زانیاری كورد .كەهەمویان رۆڵی دیاریان لەجۆش دان‌و بلاوكردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی وشیعری كوردیی هەبوو .هەروەها بردنی بەرەو تازەكردنەوەو نوێگەری .هاوزەمان لەو قۆناغەدا لەسلێمانی لەلایەن دەستەیەكی شاعیرو چیرۆكنووس‌و رۆشنبیرەوە بانگەوازی روانگەیان دا ، ئەم دەستەیە بەپرۆژەو پرۆگرامی نوێوە لەشیعر وچیرۆكدا هاتنە پێشەوە كە كاریگەریی دیاری لە نوێكردنەوەی ئەدەبی كوردی دا هەبوو ،بەتایبەتی شیعر ،سنوری بانگەوازەكەشیان سلێمانی و دەوروبەری تێپەراندو كەركوكیشی گرتەوە ....

گروپی روانگە لەسەرەتادا لەساڵی ١٩٧٠ بەیاننامەیەكی ئەدەبییان دەركرد هەندێ نووسەرانی كەركوكیش لە سەر رێ‌و رەسمی ئەو گروپە رۆیشتن لەوانە سەلاح شوان كەچەند دەقێكی شیعریی لەگۆڤاری روانگەدا بلاوكردەوە و نوسەرانی تری كەركوكیش دوای پرۆژەو بەرنامەكەی ئەو گروپە كەوتن و بانكەشەیان بۆ ئەكرد [٤] .

ئەگەر چیش روانگە لەگەشەو پێشخستنی شیعری نوێی كوردی كەركوكدا رۆڵی هەبوو ، لەگەل

ئەوەشدا کۆمەڵی شاعیرو نووسەر هەبوون کە پێش روانگە لە بواری نوێگەریدا رۆڵیان هەبوو ، هەر لەو بارەیەوە فازڵ عەزاوی نووسیویێنی لەروی نوێگەریەوە کەرکوك نەك تەنها لەسەر ئاستی کوردستان ، بەڵکوو لەسەر ئاستی عێراق دەورێکی باڵای هەبووەو دەس پێشخەر بووە . (٥)

هاوشان لەگەڵ بڵاو بوونەوەی بەیاننامەی روانگەدا ، دەنگو سەدایەکی تر هاتە ئاراوە ئەویش بانگەوازەکەی گروپی کفری بوو کەلەلایەن شاعیران لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی و هاورێکانیانەوە دەرکرا . کە زەمینەو قسەو باس و گفت‌وگۆی ئەوەیان لەسەر بوو ، کەبۆ پێش روانگەو کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم ئەگەرێتەوە .بەڵگەی راستی ئەمەش لەتیف هەڵمەت خۆی پی لەسەر ئەوە دائەگرێ و راشکاوانە ئەڵێ شارۆچکەی کفری لەشەستەکان دا مەکۆی بانگەوازی یەکەم پریشکی ئەم نوێگەرییەیە [٦] کە چی سەلاح شوان کەلە ریزی شاعیرانی روانگەیە ،لای ئەم وایە کەوا گروپی کەرکوك بەچەند ساڵێك پێش گروپی کفری کەوتووە ، هەر ئەمانیش ئاگاداری نوێگەری عەرەبی وئەوروپی بوون ، هەروەها نووسینی شیعری نوێ بەزمانی عەرەبیش [٧] .

کەواتە سەبارەت بەسەرهەڵدانی ئەو بزاڤە شیعرییەی کەرکوك و بوارە نوێگەرییەکەی ئەبێ ئاماژە بەهەوڵ و کۆششی ئەم سێ گروپە بکەین .

١) گروپی کەرکوك هاورێیان بەو ١٩٥٥ – ١٩٦٤ کەپێشینەیەکی دێرین تری لە کەرکوك دا هەبوو .
٢) گروپی کفری ، کۆتایی شەستەکان .کە ئەندامانی لەهەندێ شوێن و سیمناردا خۆیان بەگروپی کەرکوك و کفری ناساندووە .
٣) گروپی روانگە .کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان .

ئەم سێ‌گروپە رۆڵی کاریگەرو بەرچاویان لەپێشخستنی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی جوڵانەوە شیعرییە نوێگەرییەکەی هەبوو. کەلە هەرسێکیان دا چەندین شاعیری کەرکوکی ئامادەیی و حزوریان هەبووە . تەقەللایەکی باشیان دا لە پێناوی بەرەو پێش بردنی شیعری کوردی و ئاراستە کردنی بانگەوازی شیعری کوردی بەرەو نوێ گەری و مکوڕبوون لەسەری ، تەنانەت هەندێکیشیان بەزمانی عەرەبی شیعری نوێیان وتووە وەك صلاح فایەق ویوسف حەیدەری و تا دووایی ....

هەر ئەم سێ گروپە لەمەیدانی نوێ گەریی دا راو بۆچوونی جیاوازیان هەبووە .هەروەها کارتێکردنی سەرچاوەو لایەنی جیاجیاشیان لەسەر بووە ئەکرێ بەم چەشنە لێکیان بدەینەوە و سەرچاوەی رۆشنبیرییان و خواستەکانیان دەستنیشان بکەین .

گروپی کەرکوك زیاتر هەوڵیان داوە سوود لە کلتوری ئەوروپی و رۆژئاوایی وەربگرن .

گروپی کفری یان کەرکوك – کفری بەرەو شیعری کوردی رۆیشتووە و هەروەها کارتێ کردن و هەزم کردنی زانستێتی و ئاشنابوون پێی و پاشان تێپەراندنی و کارتێکردنی شیعری عەرەبیش .

گروپی و روانگەش پێی لەسەر هاوچەرخێتی داگرتووە وکۆنیشی رەت نەکردووەتەوە .

هەرچی چۆنێك بێت لەباری شیعرەوە ئەم سێ گروپە دەوری کاریگەرییان بۆ سەر شیعری

کوردی هاوچەرخی کەرکوك هەبووە وبوون بەبنەمایەکی تۆکمە بۆ شاعیرانی نوێو نەوەکانی داهاتووی دوای حەفتاکان بەئەزمونەکانیان ئاشنابوون شوێنیان کەوتنو هەمان ڕێبازیان پیادە کرد وەك ، سەلام محەمەدونەجیبە ئەحمەد ومارف عمر گوڵعەبدولکەریم پەرونگو چەندانی تر وەك شاعیرانی ئەو قۆناغە دەرکەوتن .

تەوەری دووەم .

لەم تەوەرەدا هەوڵ ئەدەین کەئەزمونە شیعرییەکانی شاعیرانی ئەو قۆناغە بکەین بەنمونە و بەڵگەی توژینەوەکەمان .

ئاشکرایە کەشاعیرانی سەدەی بیستەم هەر لەسەرەتای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە ،پاشان لە قۆتاغی دەسەڵاتە یەك لەدوایەکەکانی عێرا قدا بەناوەرۆکە شیعرییەکانیان بەرهەمێکی زۆری شیعرییان لە هەموو بابەتەکان دا ئەفراندووە ،بەتایبەتی نیشتمانیو نەتەوایەتی کە سەرپاکیان ڕەنگدانەوەی باری شڵەژاوی کوردستانو خەباتی ناوچەکە دژبەداگیرکاری وخەباتی چینایەتیو ئاراستەکردنی بەرەو مرۆڤایەتی وپابەند بوون بە کێشەی کوردەوە بوون .لەپێناو وەدی هێنانی مافەرەواکانی خۆی تەنانەت لە بەشەکانی تری کوردستان دا ناوەرۆكو دەقە شیعرییەکانی مامەند کەرکوکی و ئەسیری کە ئەزمونی شیعرییان لەبیستەکانی سەدەی بیستەمەوە تاوەکو چلەکانی دەرکەوتن هەروەها شاعیران شاکەلیو لوتفی کە تا هەشتاکان لەژیان دا بوون .شێخ مارفی بەرزنجی یش وەك کەرکوکیەك ، وەك ئاگادار لە کێشە نەتەوەیی و نیشتمانیو مرۆڤایەتییەکان تا شەهید بوونی بەخششی شیعریی هەبووە .

بۆ بەسەرکردنەوەی مێژووی‌شیعری ئەو قۆناغەی کەرکوك ئاماژە بەهەردوو شاعیر شێخ مارف بەرزنجی ولوتفی ئەکەین .

یەکەمیان شێخ مارف بەرزنجی هەر لە شەستەکاندا تالەسێدارە دانی لەساڵی ١٩٦٣ دا بەو پێیەی کە ئاگاداری تەواوی لە دۆخی ئەدەبو شیعری و ڕۆشنبیریی میللەتە کەی و میللەتانی دەوروبەری بووە .هەروەها لەرەوتو قۆناغی کۆمەڵگای کوردەواری و دۆخی سیاسی کورد ، دەوری چالاكو باڵاو حزوری تەواوی هەبووە ،وێرای کاری سیاسی خۆی ، لایەنە ئەدەبییەکەی بەتایبەتی شیعر مەبەست بووە .ئەم بەناوەرۆکێکی نوێو توکمەو روخسارێکی جوانەوە سیمای شیعرەکانی ڕەنگین کردووە . چونکە ((شیعر وەك هەر هونەرێکی تر بەهرەیە ،بەڵام خوێندنەوەو چاو گێران بەدەورو پشت داو تاقیکردنەوەی جۆربەجۆری ژیان دابەهرەکە نەگەشێنێتەوە))[8] .

کە ئەمەش خۆی لەخۆی دا سیمای تازەگەریی و نوێگەرییەکی بەرچاوە کەوا توانیوێتی ناوەرۆكو شێوە لەگەڵ یەك دا بگونجێنێ .لەبەشێکی زۆری شیعرەکانی دا دەرکەوتووە کە هەمیشە ئومێدی بە ژیان بووە ، هاوشان لە گەڵپێشکەوتنی زانستو هیوای نەتەوەکەی‌دا بووە و شیعری بۆ وتوون لەزیندانەوە, لەگرتووخانەی بەغاوە نووسیوێتی ...

ئێمەی دەست بەستەی ناو زیندان
وابالْ ئەگرین

ئەفڕین لەخۆشیانا ئەفڕین
چونکە هاوڕێیەکی شیرین
وەك گاگارین
کوری جوتیارێکی زەمین
موژدەی سەرکەوتنی لینین
ئەبا بۆ ئاسمانی بەرین [٩]

یان هەر لە زیندانەوە بەم جۆرە لە نەورۆز ئەدوێ

ئەم نەورۆزەش لە زیندانە
ژیان نیٖیە ئەمە ژانە
ژیانیش سەرەتای ژیانە [١٠]

ئەم شیعرەی لە ٢١ / ٣ / ١٩٦٢ دا وتووە کە سیمای بیرو باوەڕێکی تۆکمەیە و نیشانەی بەرخودان و ورە بەرنەدانی پێوەدیارە .

شێخ مارف وەك شاعیرێك تێکەڵ بەبیری سیاسی بووە, ئاوێتەبوونی بەو نێوەندەو کاریگەریی شاعیرانی پێش خۆی وهاوچەرخیشی وەك گۆران‌و شێخ نوری کە کاریگەر بوون بە بزوتنەوەی شیعری تورکی وپاشان ڕەنگدانەوەی ئەو بیرو بۆ چوونانە لای مارف بەرزنجی دیارو ئاشکرایە .

بەپێی ئەو ئاشنابوونەی لەگەڵ شاعیرانی سلێمانیدا, ئەمیش هەمان کارو چالاکی هەبووە .سەرەتای وەك ڕۆمانسیەك وپاشان ریالیزمی وتێکەڵ کردنی هەردوو ڕێبازەکە لە شیعرەکانی دا دەرکەوتووە چونکە ((باوەڕێکی تەواوی بە ڕێبازی ریالیستی هەبووە ،بەڵام بەوپەڕی وریاییەوە هەردوو ڕێبازی ریالیستی و ڕۆمانسی شێوەی پێکەوە گرێ داوە)) [١١]

بەم پێیە بەشێکی شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی بیرو باوەڕی سۆشیالیزمی پێوە دیارە و بەرەو بیری مرۆڤایەتی بردووە .....

ئەو دۆخە ئاڵۆزەو و سیاسەتی ئەو قۆناغەی عێراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی . کە کۆمەڵێ هیواو ئاواتی ڕۆشنبیران‌و سیاسەتمەداران خرایە گۆڕەوە و زیندە بە چاڵکران ،بەشێکی ئەو مەینەتیٖیە بەر شێخ مارف کەوت‌و لەگرتوو خانە توند کرا . ئەو لەوێوە ولەو دۆخەدا وەك قارەمانێك لە بواری ئەدەب‌و شیعردا کۆڵی نەدا ، بە شیعرەکانی پریشکی هیوای ئەدا بەکۆمەڵ ، لەزیندانەوە چەندین دەقی شیعریی ئەفراندووە .کەبۆن‌و بەرامەی بیری مرۆڤایەتی وخەبات و تێکۆشانی لەخۆ گرتبوون . بەشێکیان بە ماوەیەکی کەم پێش لە سێدارە دانی وتووە وەك گاگارین و نەورۆز و کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ، یان لەشیعری (گڵی گوڵ) لە ٢٦ و ٢٧ /١٢/ ١٩٦١/ دا لەزیندان دایناوە بە جۆرێك هەست‌و سۆزی خرۆشاوی بۆ مرۆڤایەتی بۆ کارو خەبات‌و چالاکی دەربڕیوەو سیمای هەرەوەزی‌و کۆڵنەدانی تیا چوراندووە .

لە هاوینا ، لەرۆژانی گاقۆرانا
چەماو وشکن

کانیاو لانەی مارو مشکن
زەوی سوورە بێگییان وەك تەنورە .
لەرۆژێکا ، قرچەی گەرما ، وەك دایکی ئاڵ گییان ئەکوژێ
تەڕی دەرونمان ئەمژێ .
من ئەمەوێ گۆماو پڕکەم ، جۆگا هەڵخەم پشتاو ئاودەم
بەهەرەوەز ، سیروان و زێ پێك گەیەنم .
لافاو بێنم
دەشت و دەرو هەردەو تەلان
گەرمیان و کوێستان هەموو بکەین بەباخ و بێستان
هەتا ...
نامەوێ دوو کێلی سامناك بم وەك دەعبا
زەوی داگیرکەم لەکۆمەڵگا
ئەمەوی ئەو کاتەش گوڵ بم
هیچ نەبێ گڵ بم بۆ گوڵ بم (١٢)

لە شیعری ((دوورتر لە گەلاوێژ)) دا هەر لەگرتوو خانەی بەغاوە وتوویەتی کە هی ساڵی ١٩٦٢ ە لەوێدا بەراوردیچکی دوو دۆخی جیا ئەکات جاران و ئێستا کەتەواو مۆرکی رۆمانسیەتی پێوە دیارە .

جاران ئەستێرەی گەلاوێژ
پرشنگی هیواو ژیان بوو
ئێستا ئەمخاتە بیابان ئەمخاتە گێژ .
جاران گۆرانیم ئەهۆنی
لەباغی بەژن و باڵای یار
ئێستە مرواری ئەهۆنم
لەچاوانم دەروونم .
ئای لەمرواری گەرم و ساردی ناو دەروون
هی لەدەست چوون (١٣)

لەشیعری (شێتە ژیرەکەی نەوەی فەرهاد) دا (١٤) . کەهەرهی زیندانە پێ لەسەر ئەوە دائەگرێ کەپێکەوە گرێدانی هێزو عەقڵ وریایی و دانایی‌یە ، سوور بوون لەسەر کارو ورە بەرنەدان هەتا گەیشتن بەئاوات بێگوێ دانە هەر تانەو تەشەرێك ، واتە سووربوون و مکوڕبوون لەسەر مەسەلە مرۆڤایەتی‌یەکان .

شێخ مارفی بەرزنجی هەر لە پەنجاکانەوە هەوڵی تازە کردنەوەو نوێ گەری داوە ، بەشێکی شیعرەکانی توکمە و لەبارن و تەواو کێشە و گرفتەکانی ئەو رۆژگارەی خستووەتە روو چارە سەرەکانیش پێکاوە وەك ناوەرۆك ریالیزمی و رۆمانسی‌یە بەتەواوەتی لەسیماو چێوە کلاسی‌یەکە

چووەتە دەرەوە . بەمەش ئەتوانین بڵێین کە هەم لەرووی ناوەرۆك وهەم شێوەو روخسارەوە پێشەنگی شاعیرانی کەرکوکە لەتازەکردنەوەو نوێ گەری دا ، شیعرەکانی سادەو ساکارو سەربەست و واقیعیانەن و ناخی کۆمەڵگایان شی کردووەتەوە . وێنەکانیش وێنەی خۆماڵی و کوردەوارین .پاڵەوانو کەسێتییەکان چینی هەژارو زەحمەتکێش و خاوەن هێزو بازووی خۆیانن ....

دووەمیان لوتفی لەباری روخسارەوە لە چوار چیوەی کلاسیکەوە و هێدی هێدی بەرەو بەکار هێنانی کێشی خۆماڵی رۆیشتووە لەرووی ناوەرۆکیشەوە لەبابەتە ئاساییەکانی ئەو قۆناغەی پێشووی ماوەتەوە بەتایبەتی ئاینییەکە ، لەوێوە بۆ باسی کێشەی فەڵەستینی ، هەر لەو تێروانینەوە هەوڵی داوە خەباتی گەلی فەڵەستین بخاتە بەرچاوو کوردی لێ هوشیار بکاتەوە لەشیعری (هاوار هاوارە) ی ساڵی ١٩٦٧ بەکورد ئەڵێ

تۆزێ غیرەت کەن ئەی برایدینی
نەوەك بالای وا بێتە سەرمان
ئەی کورد تەئریخی ئێوە شاهیدە
هەڵسن ئەمجارەش بکەونە جەولان (١٥)

هەر لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی عێراقی لەبارنامەی دا بووە کە کوردستان وێرانو کاول بکاتو مەسەلەی کورد تورِ بداتە قوژبنی لە بیر چوونەوەوە . ئەو کارەساتە لوتفی نیگەران کردووە .

وەرە کوردە قورِ بپێوین رۆژو شەوو سوبح ئێوار
کورەی شیوەن بەجۆش دەین با بناڵین پرِ بەزار
هەتا ....
لوتفی جەرگی گشت برینە ئاوی چاوی جارییە
دەروونم پرِ لەئاهو غەم داخی دڵمە سەد هەزار (١٦)

لە (مژدەی کوردستان)یش دا سادەو ساکارانە سۆزو خۆشەویستی خۆی بۆ کوردستان دەربرِیوە ، هیوای خۆشی وشادیو سەرکەوتن بەکورد ئە بەخشێ ، ئەم شیعرەی بەبۆنەی دەرچوونی بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ هوە وتووە ، لەکورد ئەخوازێ کە خۆیان یەك بخەنو پاڵپشتی یەکتری بن .

داری بەختەکەت واهاتوتە بەر
شنە شنێتی بەدەم سەباوە
هەتا ....
پشتی یەك بگرن ئەی میللەتی کورد
لەهەر کوێ هەن لەرووی دونیاوە
لە بیرتان نەچێ دەستم بەدامان
ئەو غەدرەی کەوا لە کورد کراوە . (١٧)

وەك دەركــەوتوە ســەرەتاى شەســتەكان بــەهۆى ســەرهەڵدانى شۆرشــى ئەيلولــەوە بــارى رۆشنبيريىو مەوداى بلاّوكردنەوەى بەرهەمى كوردى نالەبارو بەرتەسك بووەوە . بەرهەمەكان تەنها لــەدووتوێى دەســتنووسو ناميلكــەى بــلاّو نــەكراوەدا بــوون . پاشــان لــەكۆتايى شەســتەكانو سەرەتاى حەفتاكان دا تيشكى چاپيان بينى ...

بێجگــە لــەو دوو شــاعيرە لەشەســتەكان بــەدواوە بەتايبــەتى ناوەراســتى شەســتەكان چــەند شاعيرێكى كەركوكى لەهەوڵو تەقەللاى خۆيان دا بە پشت بەستن بەو تێروانينە شيعرييەى پێش خۆيان و بەئاگادار بوون لەبەرهەم بزاڤى شيعريى ترى نەتەوەكانى دراوسێو خوێندنەوەيان بۆ كلتورى كوردىو نەتەوەكانى دەوروبەر ، گەشەيان بەبزاڤى شيعرى كوردىدا كە سيماو رواڵەتێكى نوێى بەخۆوە بينى هەم لەبارى روخسارو هەم لەبارى ناوەرۆكەوە . لەناويان دا لەزۆرى بەرهەم دا سێ شــاعيرى لاو دەركــەوتن لەشيعرەكانيان دا دەركــەوتووە كــە پــەيرەوى رۆمانسىى شــاعيرانى ســلێمانى شــێخ نــورى و گــوران و كامــەران وديــلان يــان كــرد . چــونكە شــعرەكانيان روخســارى رومانسيانەيان هــەڵگرتبوو وەك لــەتيف هەڵمــەت كــە بەشــێكى شيعرەكانى نــاو ديوانەكەى و خــواو شارە بچكولەكەمان هى شەستەكانە و موركى رۆمانسيەتى هــى ئەوانــەى سليمانى يان پێوە ديار بوو .بە تايبەتى لايەنە شورشگێرييەكەى .

زامى قولايى جگەرى هەستيم
ئەپێچم بە گڕ بە چزووى ئازار
ئەكەومە دواى رۆژى سەربەستيم
بە پيچەوانەى ديوارى شەوگار
يان .
چاوم ئاراستەى كەڵى ئاواتە
سەرنجم نوقمى بەهارى ئەوە
دوێنى ئەيان ووت :- سەوزى ناگاتە
بەفرێك كە نوقمى تاريكە شەوە
نەيان ئەزانى كە ئەم ووڵاتە
هەزاران ساڵە چاوگەى خەباتە
دوژمنى ديلىو زنجيرى خەوە (١٨)

ســەلاح شــوانيش رومانســيانە خــوى دەر خســتووە بەشــێكى شــيعرەكانى لــە كاريگــەريى رۆمانسيەتى شاعيرانى سلێمانى بە دەرنين .وەك شاعيرێك بەشێكى ژيانى منداڵىو پەيوەست بوونى بە كلتورو بارى ژيانوديمەنو تابلۆكانى ئەو شارەو كار تێ كردنى رۆشنبيرى هاوچەرخى ئەو سەردەمەو تێكەلاّوى بە رۆشنبيريى كوردى لەبيرو بۆچونىدا رەنگىدايەوە .لەناوەراستى شەستەكان دا وەك شاعيرێك دەركەوت بەشێكى شيعرەكانى لە ناوەراستى شەستەكان دا وتووە .بەتايبەتى بەشى دووەمى ديوانەكەى (دڵدارەكەم گەواڵەيەكى پايزيى نىيە) وەك خۆى ئەڵێ "پێنج پارچە شيعرى سەرەتاى ئەم بەشە لەو كۆمەڵە شيعرانەن كەلە ساڵى ١٩٧٠ دا لێم ون

بـــوون" (١٩) وەك رازێـــك ل ٧٠ و ٧١ , گـــۆڕان ل ٧٧, لەيادتـــە ل ٧٣و٧٤ , تيڕامـــان ل ٧٥, ئاهەنگێكى خوێناوى ل ٧٩-٨١,كە هى ساڵى ١٩٦٧ ن, پەنجەرەيەكى خۆرنشێنى ل ٨٢-٨٤, هى ساڵى ١٩٦٨ ە,بۆ يادگار ل ٨٥-٩٠ هى كۆتايى ساڵى ١٩٦٩ يە [٢٠].

لـە شيعرى رازێـك دا كـە هـى ١٩٦٧ە تـەواو لاسـايى گـۆران و كامـەرانى كردووەتـەوە كـە زيـاتر رەشـبينى پێـوە ديـارە . هـەروەها لـە شيعرى (گـۆڕان)دا ديسـان رەشـبينىيە , لـە چاوەنواڕيدايەو كشانەوەو پاشگەزبوونەوەيە .

لە شيعرى (لە يادتە) ى ١٩٦٧ خۆشەوستيەكى بێ سنوورەو گفتوگۆود ايە لۆگێكى نێوان خودو خۆشەويستەكەىو پەيمان بەستنو هيچى تر .

لـە(رازێك) دا بـەدووى دا ئەگـەرىێو وێـڵو ئاوارەيـەو ئاراسـتەى خـۆى ديـار نىيـە , نـاوەرۆكێكى دڵدارىو رۆمانسييەكى تەواوە

بەدواى ئاواتى لە چاو دراوا
بە شوێن نيگاى عەشقى دزراوا
بەبێ ئاكايى ئەرۆم دوورلەخۆم
ئەرۆم نازانم بەرەو كوێ ئەرۆم [٢١]

چامەكانى تريشى بەهەمان روخسارو ناوەرۆك , لە شيعرى (پەنجەرەيـەكى خۆرنشـينى) سـاڵى ١٩٦٨دا كە لـە چوارچێوەى عەشقێكى ون بوودا ئەخولێتـەوە بـەدواى دا ونو وێڵـە . گەڕانـەوە بۆ ناخى مناڵى يان خۆ بينينەوە لە خەياڵدا .خەياڵێكى رۆمانسيانە .

پاش سيانزە ساڵ بەدواوە وا
تازە لە بۆشايى شەوا
چاڵى گۆناكەت جێ دێڵى
تامى لێوە ساكارەكەى مناڵێتيم
بە گەرمى وشيرينى جاران
لەگەڵ هەناسەى بەيان
وەكو باران بەسەر لێوى هەڵقرچاوما ئەبارێنى
لەرەى سينە هارەكەتم ، پاش سيانزە ساڵ بۆ ئەهێنى .
هەتا ....
ماچى ئەو دوو لێوەى جاران
كە بە زۆر ماچيانم ئەكرد
تازە ئەيهێنيتە خەوم [٢٢]

لە پارچە شيعرى (بۆ يادگار) يش دا بەهەمان رێچكەدا رۆيشتووە .

ئـەنوەر شـاكەلى شـاعيرى كفـرى بەشـێكى شـيعرەكانى هـى سـاڵى ١٩٦٩ ن (٢٣) وەك ئـەم شيعرانەى ديوانەكەى : -

مردنی شازادە ، ٨ /١٠/ ١٩٦٩ ل ١٠ و١١ هۆنراوەیەك بۆ سلێمانی ، ٩/١٠/ ١٩٦٩ ل ١٥ -١٧ , بەندیخانەو شەقامی شەو ، ٢٠-٢٧ /١٠/ ١٩٦٩ ل ٤٠ – ٤٧ ,وون بوون لە ناو شەودا ، ٤ /١٢ / ١٩٦٩ ، ل ٧ – ٩

ئەنوەر لەم شیعرانەی دا رەگەزی رۆمانسیانەی پێوە دیارە ، لەهەندێکیان دا قوول بوونەوە لەمێژوو ، مێژووی خەباتی پڕ سەروەری شاخ وناوچەی کوردەواری ، پاڵەوانی راستەقینەی کورد .شێخ مەحمود ، دوانزە سوارەی مەریوان بوونەتە مۆتیڤی شیعریی و سیمایەکی رۆمانسیانەی شۆرشگێرییان هەڵگرتووە . لە شیعری (هۆنراوەیەك بۆ سلێمانی) دا ئەڵێ .

ئەو تەمەنە رەش‌و تاڵە
شەقامەکانی ئەخاتە سەر بڵێسەو گڕ
شۆرشی ، تورەیی رقی چڕ
زەردەخەنەی ژێر پێ‌ی تەمەن ئەروانێتە
ئەو چەقۆیە ئەو خەنجەرەی کەوا پێتە
مناڵەکان دێن‌و دەچن .
خرمەخرمی چەپڵەرێزان ئەرێژنە
سەر پەیکەری شێخی گەورەی وڵاتەکەم
بالاشەی وەك بەردو ئاسن
گوللە ژەهر بیخواتەوە
باپایزی مانی شادی روبارەکان پڕکاتەوە (٢٤)

کە تیایدا شێخی نەمرو دوانزە سوارەی مەریوان بوونەتە هێمای بەرخودان‌و خەبات‌و مێژووی سەروەری .

یان لەشیعری (لەبەندیخانەی شەو) دا ئەڵێ

بووکی تازەی چوارچێوەی گییان
ئەبەن بەرەو پەردەی جوانی
هۆشی خنکاوی گۆرستان
نووزەی باڵی پڕوکاوی
تاڤگەی تیژی سەرکەوتنی دواهێرشی پیتی ساماڵ
بیرەکانم ئەخاتە چاڵ (٢٥)

لەم شیعرەدا جۆرە لێکچواندنێك لەگەڵ بووکی لادێکەی گۆران دا هەیە .کاریگەرییەکەی لەسەر دیارە .لەرووی بیرو وێنەی شیعرییەوە ..

لەژێر تارای سورمە چنا هەر جوانی دێ
کچی جووتیار بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە رێ
جوانی لادێ رووتی وەکو تەلی وەنەوشە
بەئاوریشم‌و بەئاڵتون ئەم کۆشك‌و حەوشە .

خراوەتە ڕێ بۆ پەردەی ئەتلەس و گوڕون
بۆ باخەڵی ئاغای پێش چاو بەچڵ چرا ڕوون [٢٦]

ئەم شیعرانەی ئەنوەر شاکەلی و تەواوی دیوانەکەی وێنە شیعرییەکان و شێوازو دارشتنیان تەماوین و چڕو ئاڵۆزن و خۆیان لەدەقی ئەو قۆناغە جیا ئەکەنەوە بێگومان ئەمەش نیشانەیەکی تری بزاڤی ئەونوێگەرییەی شیعری کوردییە ....

تەوەری سێیەم .

لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان دا ، شاعیرانی کەرکوک بەتایبەتی هەر سێ شاعیر لەتیف هەڵمەت و سەلاح شوان و ئەنوەر شاکەلی تەکان و گوڕێکی بەرچاویان بەشیعری کوردی دا . ئەویش هەنگاونان بەرەو نوێگەرییەکی هاوچەرخانەی دیارو بەر چاو . لوباری ناوەرۆکەوە یاخی بوونێکی توند وتوڕەی بەخۆیەوە بینی . لەهەموو چاوپێکەوتن و نووسین و شیعرەکانیان دا دا ئاماژەیان پێداوە پێیان لەسەر داگرتووە .هەڵمەت ئەڵێ وخۆی بەدەست پێشخەر ئەزانێ :

((ئەڵێم وسورم لەسەر ئەوەی کەوا یەکەم شاعیری کوردم کەوا لە زەمینەی شیعری کوردی هاوچەرخ دا هەموو جۆرو شێوازە کلاسیکیەکانم بە پاچی نوێ گەری رووخاندووە , ئەوەش لە دوای چاپ و بلاوکردنەوەی کۆمەڵە شیعری خواو شارە بچکولەکەکان . پێش ئەوەش بەساڵێ یەکەم دەقی شیعری تازەم لە گۆڤاری رزگاری کە لە سلێمانی دەرئەچوو بلاوکردەوە , کەیەکەم دەقی بانگەوازی نوێ گەرییە لە ئەدەبیکوردی دا. دوای ئەو شۆرشەی کە گۆران لە کاتی خۆیدا لە شیعر ی تازەی کوردی دا تەقاندیەوە." [٢٧]

کۆپلەیەکی شیعرەکەشی لەگۆڤاری رزگاری دا بەم چەشنەیە

لە شەپۆلی گەدەلوولی ستەم دا
لە لیلأیی بیابانی پڕ تەم دا
زۆر لاشە کەوت لە سەنگەری باوەڕدا
بووبە گەردو چوو بە گەرووی رەشی هەورا. [٢٨]

گۆڤاری رزگاری تەواوی شیعرەکەی بلأونەکردووەتەوە . دەقی چامە شیعرییەکەی بەگۆرانکارییەوە .لە دیوانەکەی خواو شارە بچکۆلەکەمان دایە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە .

لە دووکەڵی گەردەلوولی ستەما
لەلیلأیی کەفی بیابانی تەما
لە ناو دەمی جۆشی هەڵمەت و شەڕا
لەسەر لێوی ئاگرینی سەنگەرا .
هەتا......
ئەوسا شەبەق ماچمان ئەکا بەنیگای چاو
لێوی تاسە ئەنێینە ناو دەمی هەتاو
گۆڕێك ئەکەین بۆ دیلێتی و بۆ مردن .

بەستە ئەڵێین بۆ رووناکی.بۆ سەرکەوتن

پەیکەرێکیش دروست ئەکەین بۆ سەربەستی

بۆ کۆڵنەدان بۆ ژیان,بۆ خۆشەویستی [٢٩]

دوای شەش مانگ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو کۆپلەیەدا لە نامەیەکیدا بۆ گۆڤاری رزگاری لە دوو توێیدا چەند کۆپلەیەکی شیعری ناردووە.ئەتوانین لە خانەی نویگەری شیعری کوردی‌دا دایبنێین چونکە سیماو رواڵەتێکی تازەگەری پێوە دیارە دەربرینەکان بیری چروپرو قووڵن

لە پشت دیواری مەرگەوە.دەست ئەگرم بەو پەنجەرانەوە

کە بەهەشتی ئاواتم ئەخوێنن

بەسەر لێواری وشە بەسۆزەکانا ئەرۆم بەرەو دوائامانجم

بەرەو سەرکەوتن بەرەو بەختیاری کوردستان

بەرهەمی‌جوان, نووسینی رێك هەڵبەستی قووڵ

وشەی تەماوی ,چیرۆکی ژێر هەور

رستەی کەفاوی

وێنەی ناو گەردە لوول ,یادگاری ناورەشەبا. [٣٠]

شیعرەکانی ناو دیوانی :خواو شارە بچکۆلەکەمانیش تەواو یاخی بوون و رەتکردنەوەی بەرهەمی کۆن و نەریتە پڕوپووچەکانە.و ناونیشانەکانیشیان بیری تازەگەریی دەرئەخەن وەك ناونیشان ل٢٤-٢٨,لەباوڵێکی کلیل ون بوودا ل٢٩-٣٢,وشە سووتاوەکان ل٤٣و٤٤,ئەم کولەگانە ئەشکێنمل٤٥-٥٢,پەیکەرێك بۆ خۆم ئەتاشم ل٥٩-٦٢,خواو شارەبچکۆلەکەمان ل٦٤-٦٥,هەڵەی شوێن پێکان ل٦٥و٦٦,ئەڵێن خۆی لەدارستانەکانایە ل٦٧و٦٨,لقی شەو هەتاو ئەگرێ ل٦٨,گەڵای خوێ ئەوەرێ ل٦٩ ,تارماییەکان ئەتوێنەوە ل٧٠ هتد. [٣١]

لە شیعری ((ئەم کوولەگانە ئەشکێنم))دا ئەڵێ:

ئەم کوولەگانە ئەشکێنم

ئەمە باوەڕی منە.

ئاگرەکەم ناتوێنەوە

تەمەنی من بلێسەیەکی بێ‌خۆڵەمێشە

پەرستگاکان ئەرووخێنم

وشەکانم ئاوێتەی رەگی زەوی ئەکەم.

یان

لمی ئەم بیابانە کەفاوییە ئەرژێنمە

گلێنەی ناو ئەو تارماییەی کە دەرگاکان دائەخەن

کەس شمشێری ئەم کێلانانە هەڵنەکێشی

ئەم هێلکانە هیچ هەڵنایەنن[٣٢].

یاخود .

خوێنی کوژراوەکان بانگم ئەکات
بۆ ئەوەی
وێنەیەکی پێ بکێشم
لەسەر تورەیی پەنجەرەکەمانا
ئەم گۆزە پڕ لەخۆڵانە
زیندە بە چاڵ ئەکەم
ئەم کووپە سوورانە ئەشکێنم. (٣٣)

ئەم چامەیە سەراپای پرە لەدیمەن و تابلۆی یاخیبوون و پێداگرتن لەسەر رەت کردنەوەی هەموو نەریتە کۆن و پووچ و باوەکان ,رەت کردنەوەی ترس و دوودڵی لەناخی مرۆڤ و کۆمەڵگادا,پڕن لەهێمای بەرخودان و سەرنج و تێرامانی ورد وبیری نوێ وەك ئەم کوڵەگانە ئەشکێنم , پەرستگاکانم ئەروخێنم, ئەم هێلکانە هیچ هەڵ نایەنن, ئەم گۆزە پڕ لەخۆڵانە زیندە بەچاڵ ئەکەم , ئەم کووپە سورانە ئەشکێنم , کە بەرامەی یاخی بوونێکی بەرچاویان تێدایە....
هەر لە شیعری (ناونیشان)دا گییانی یاخی بوونەکەی بردووەتە ئاستێ بەرەو گەشبینی و ورە بەرزیی و یاخی بوون لە مردنیش .لە پێناو کوردو کوردستان دا.رەت کردنەوەی پیلانەکان و پووچەڵ کردنەوەیان بەخشینی نەمریی بە ژیان .بە کوردستان و لەوێوە گۆرانی بۆ جوانی و رووناکی و فراوانی ژیان ئەچرێ.

من نەمردووم,نە کوردستان گۆرستانە
من هەر زیندووم تاسەر زیندووم
وەکو وشە وەکو ئاسمان
بەستە ئەڵێم بۆ ڕووناکی بۆ جوانی ئەم ژیانە .

یان.

جگە لە خۆم کەس ئەم خاکە ناکێڵێ
تامی بە ڕووی دۆڵ ناکات
یاری ناکا بە بەفر
بەردێ ناگرێ لە گوێزی چڕ
چەژی ئاوی سەهۆڵ ناکات
لە بێگانە ئەبم بە مەرگ و ئەتۆم
گەریخانە ئەم زەوی‌یە دەمی بێلێ .
ئەم نەخشەیەی کە تیا ئەژیم
ئەو سنووری کەکێشراوە هەر ئە مێنێ وەکو ماوە .
هەڵ ناوەشێ بە هیچ هێزێ
وەك شاخەکان تەمەنی من ئەپا رێزێ

مەرگ ئەكوژم.

بەڵام مردن ناگاتە من

من بای ژیان هەر ئەمژم . هەر ئەمژم (٣٤)

لەرووی رووخساریشەوە كێشەكان ، سەروا ڕەیتمەكانی ناوەوە و دەرەوەی شیعرەكان وێنەو تابلۆی لەباروجوان ووێنەی شیعرییان ئەفراندووە٠٠٠

بەخوێندنەوەی دیوانی خواو شارە بچكولەكەمان دەركەوتووە, كە لە تیف هەڵمەت یەكێكە لەو دەنگە ناسراوانەی شیعری‌كوردی هاوچەرخ ، بەگیانێكی شاعیرانەی نایابەوە پێشوازی لەژیان و شۆرش ئەكات ،دیوانەكەی،كۆمەڵە

شیعری خواو شارە بچكۆلەكەمان بەخاڵیكی وەرچەرخان و گۆڕانێكی پرشنگداری شیعری نوێی كوردی لەقەڵەم ئەدرێ، لە شێوازی شیعری‌كۆن وناوەرۆكی كۆنی شیعریاخی‌بوو،لەواقیعی فیكری تێكرای كورد یاخی بوو ،لەو ئەفسانە پڕوپووچانەی نێوكۆمەڵگا[٣٥]لەدیوانەكەی‌دا زۆرترین ئەفسانە و بە شێكی‌كلتور و ئەو نەریتە ئەفسانااوییانەی ناو كۆمەلگای‌كوردەواری رەت كردووەتەوە٠ كەئەوەش خۆی لە خۆی‌دا یاخی بوونێكە بەرامبەر نەریتە پروپووچەكانی‌نێو كۆمەڵگاكەی , بێ لەوەش ناونیشانی دیوانەكەی و مانشیتی قەسیدەكانی هێمای تازەگەریی و شێوازی نوێیان لەخۆگرتووە, وەك چرایەك لە شەپۆلی گەرداودا, پەیكەرێك لە پشكۆ , ئەوانەی كە پێشووتر باسكراون ئەو شیعرانەی و چەندینی تری بە شێوازێكی بەهێزو لە شێوەی پەخشان دا دای رشتوون و لە رووی روخساریشەوە ئازادو رەهاو سەربەستن لە شیعری نوێی كوردی‌دا بۆ یەكەم جار دەركەوتوون كە ئەمەش لەو كارتێكردنە شیعرییە كوردی‌یەی پێشووەوە نەهاتووە بەڵكو لە رێگای شیعری عەرەبی‌یەوە هاتووە .بە تایبەتی تەیارو گروپی شیعری ٦٩ی فازل عەزاوی و هاورێكانی‌وە بووە .كە ئەوساكە لەو سەردەمەدا باو بووە. [٣٦]

هەر ئەو دەقە شیعرییانەو ناونیشان و ئەو جۆرە ناورۆكانەی شیعرەكانی شاعیر لەتیف هەڵمەت كە سیماوبەرامەیەكی یاخی بوونیان پێوە دیاربوو .لەو سەردەمەدا و لەناوشاعیرانی هاوچەرخی خۆی دا,ئەودیمەن و وێنە شیعرییانە جیای كردوونەتەوە لەو بارەیەوە لەتیف حامدبەرزنجی ئەڵێ ((ئەوەی لەوانی تر جیای ئەكاتەوە لە شیعرو بۆچوون فیكردا,توڕەیی ویاخی‌بوونی نەوەكانمان بەرەو سەركەوتن .بەسەر شێوازو داڕشتنی رووت و داخراودا,لە دیوانەكەی دا خواو شارە بچكۆلەكەمان دا ئامادەو نیشانەیەكی جیاوازە لە سروشتی شیعری‌دا دائەنێ ئەوەو,كە موژدەیەكی لە دایك بوونی شیعری كوردی پێشكەوتوو دەرئەخات)) [٣٧]

هەر ئەو یاخی بوونە لای ئەنوەر شاكەلی ئامادە بوونی تەواوی لە بەشێكی شیعرەكانی ناو دیوانەكەی (پرۆژەی كودەتایەكی نهێنی) هەیە.پاشان بووەتە سیمای شیعریی لای شاعیرانی كەركوك بە تایبەتی لە كۆتایی شەستەكان و سەرەتای حەفتاكان دا.هەر ئەمانیش بەشێوەیەكی پراكتیكانە یاخی‌بوونی خۆیان راگەیاند ئەوەتانێ هەر ئەنوەر شاكەلی خۆی لە سەرەتای دیوانەكەی دا نووسیویێتی..((هۆنراوەكانم بەوپەڕی شانازییەوە روو لە خوێنەران و مێژووی ئەدەبیمان ئەكەن و وەكو پێشەنگی قۆناغێ سەر هەڵ ئەدەن كە قۆناغی گۆران بە جێ‌ئەهێڵێ و

هۆنراوەی ئەمرۆی کوردستان دیاری ئەکات)) [٣٨]

شیعرەکانی ناو پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی وەك(ون بوون لەناو وشەدا ل٧-٩و لەبەندیخانەی شەقامی شەو ل٤٠-٤٧ کەساڵی ١٩٦٩ن بەدوایدا و لە حەفتاکان دا وەك (سێدەنگ لە مێژووەوە)شیعرەکانی گیبیانی تورەیی و یاخیبوونیان لەخۆگرتووە ,کە دەرەنجامی بێزارییەکە لەناو خودی کۆمەڵگاوە سەری دەرهێناوە لەوێوە لە وشەو فەرهەنگی ناو کۆمەڵگا بێزارو یاخییە لەچامەی (ون بوون لەناو وشەدا)ئەڵێ.

گڵۆپەکانی شارەکەم لەگێژاوی تەمی رەشا
ئەتوێتەوە ,نیگای نەخۆشی کوێرێکەن
ئەڕۆم بەسەر شەقامێکا مەمك
باڵدارەکان شەقەی باڵیان دیاری شەوە
چەقۆی ئازار
داستانێکە بۆ کۆتایی گیبیانی نەوە
دیوارەکان دەرگای ئاسنی سارد
شەقامەکان,کواماڵەکەم؟
کوا ئافرەتی خۆشەویستی شەوی ژیانم.

تا ئەو کاتەی کە دەنگی بێزاری و یاخی بوونی خۆی هەڵ ئەبڕێ و گلەیی لە مێژووی کۆمەڵ ئەکات.

هەورە تریشقەی زستانی ساردی ئەمساڵ
مناڵەکانی ناو بێشکەو دەسرازی یان
ئەترسێنێ وێڵمان ئەکات لە گڕوگاڵ

هەتا

وشەکانیناو فەرهەنگی ئەم خەڵکانە
کەوتوون لەسەر شەقامەکان
چرنووك ئەگرن لەپێی رێبوار
پیتەکانیان هەموو ڕۆژێ
لەگەڵ گزنگی بەیانا روو ئەگۆڕێ.

ئەوانەی ناوێ وشەو کردارو بیری خۆی ئەوێ کە هەمیشە پاك و ژەنگ نەگرتوو بێت.

من ئەمەوێ وشەیەکی گەش و پاراو
بە درێژی تەمەن پاك بێو ژەنگ نەیگرێ [٣٩]

یاخییە لە نەیارو دوژمن و نەریتە کۆنەکان تا دێت توند تر ئەبێت و باڵدار لە ئاگرا ئەسوتێنێ,مناڵەکان ئەخنکێنێ و ژەهر ئەکاتە ناو پەرداخی خەڵکی شارەوە, بەوە تەسەلاو تینوێتی خۆی ئەشکێنێ.

ئەمڕۆ ژمارەی دوژمنی ڕاستەقینەم هەر زۆر ئەبێ
باڵدارەکان لە ئاگرا ئەسووتێنم ,مناڵەکان ئەخنکێنم
ژەهرێکی خەست ئەرێژمە ناو پەرداخی
خواردنەوەی هەموو خەڵکی ئەم شارانە [٤٠]

دەربڕینەکانی شاکەلی هێمای خۆ نەگونجان لەگەڵ کۆمەڵ دا ئەگەیەنن.ئەم خۆنەگونجانەش جۆرە یاخی بوونێك ئەگەیەنێ.بێ گومان ئەمەش تا ڕادەیەك بەسەر هونەرمەند یان شاعیردا جێبەجێ ئەبێ.وەك چۆن ڕۆبیرت رید ئەڵێ((هونەرمەند یاخی ئەبێ,چونکە تەنها کەسێکە لەگەڵ کۆمەڵ دا لە ململانێدایە یاخیـیە چونکە خۆگونجانی لەگەڵ کۆمەڵ دا نییە,هەر لەو بارەیەوە دیسان ئەڵێ چەپاندنی هونەرمەند لە خۆگونجانی لەناو کۆمەڵگادا هەر خۆی لە بنەڕەت دا بڕیاری عەقلی هونەرمەند ئەدا)) [٤١] کە ئەمەش بەسەر دەربڕینەکانی شاکەلیدا جێبەجێ ئەبێ.

ئەگەر چی سەلاح شوانیش سەرەتای دەسپێکردنی شیعریی لە شەستەکانەوە بووە .وشوێن پێی شاعیرانی سلێمانی هەڵگرتبوو لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان دا سیمایەکی یاخی گەرمیانە لە شیعرەکانی دا بەرجەستە بوو وەك لە بەشی یەکەمی دیوانەکەی دا کە هی حەفتاکانە یاخی بوون و تورەیی خۆی بەرامبەر هەندێ نەریتی کۆمەڵگا نواند .وەك ڕێگرتن لە دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی و دڵداری هەر لەو ڕوانگەیەوە ئەو شیعرانەی بۆ دڵدارەکەی وتووە,لە شیعری ((دڵداری ئاونگی خەم))دا ئەڵێ.

دڵدارەکەم
یاخی بوونی من لە یاسای ئەم کۆمەڵە
لەوەدایە
تا ئەو پەڕی خۆشەویستی خۆشم بوێ ی
سەرکەوتنی ژیانی من لەم جەنگەڵە
لەوەدایە
تا ئەوپەڕی خۆشەویستی خۆشم بوێی
خۆشەویستی لە ناو ئێمەدا تاوانە
بۆیە منیش بەژینی کۆن و نوێمەوە
لە ناو چارەکانی تۆدا ئە توێمەوە. [٤٢]

یاخود .... لە شیعری ((دەسا دەرگا بکەرەوە)) ئەڵێ
دڵدارەکەم
هەموو خەڵکی ئەڵێن گوایە
دڵداری من لەگەڵ تۆدا
تەنها مردنی لە دوایە
منیش ئەوەن سەیری چاوەکانی تۆم کرد
تا چوومە ناو بیبیلەی چاوەکانتەوە

ئەوەن هانام بۆ دارستانی خەواڵووی چاوەکەت برد
تا تۆ بوویتە گلێنەی هەردوو چاوەکەم .
تۆ بوویتە گوللەی خەمی دەستە چەپە نەبڕاوەکەم (٤٣)

یاخی بوونەکەی هەر لە دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکە نی‌یە بەڵکو یاخی بوونێکی تری راگەیاندووە کەلە دوو تویّی بیرێکی شۆرشگێری و نەتەوایەتی‌دا خۆی دەرخستووە لە شیعری ((هاوین))دا ئەڵێ:

بەسە ئیتر
چاوی ژەنگاویت هەڵبێنە
ئەو کێوەی بەفری پێش مێژوو بەستوویەتی
ئەو کێوەی ژەهری ئەژدیهاو لاشەی مردوو گرتوویەتی
هەڵی کەنین بڕوخێنین
تا تیشکی دەس و پێی بەستراو
بگاتە دەروازەی جیهان
تێکرا دەس دەینە بێڵ و پاچ
کوێرە بیرەکان بەجارێ پڕکەینەوە
کۆشکە داروو شاوەکانی شارەکەمان
بڕمێنین و لە نوێ دروستی کەینەوە. (٤٤)

لە قەسیدەی ((لە پێناوی خۆرێکی شێت دا))کە هی سەرەتای حەفتایە خۆی و مانگ و ئەستێرەکان بە دوای ئاسۆیەکدا ئەگەرێ کە خۆری خنکاندووە لە وی‌دا ململانێ و زۆرانبازی لە نێوان خودی خۆی‌و هێزێکی تردا دروست و بەرپا کردووە .کەلە سەرەتای بوونیەوە هەبووە و دەرکی پێ‌کردووە پاشان ئەخوازی کە مەوداو توخیبی نێوان مان و نەمان نەمێنێ بۆیە ئاگری گلپەداری ئەوێ خۆری شێت‌و ئازادی ئەوێ:

با نەمێنێ لە نێوان مان و نەمانا
من ئاگری گڕوکڵپەدارم ئەوێ
خۆری شێت‌و هارم ئەوێ
سا وەکو کۆت لە ململیە
تا ژەنگ ئەگرێت و ئەڕزێ ی
ئەوسا پڕ بەپێ رائەکەم
بۆ ئەو شوێنەی خۆم ئەمەوێ (٤٥)

بە حەزو ئارەزووەکانی ئەو دۆخە چەق بەستووە رەت ئەکاتەوە بە جۆرێ دەریان ئەپەڕێنێ کە خوازیاری نوێگەرییە لە کردارو رەفتارو گوفتاردا.

بێ گومان ئەم جۆرە یاخی‌بوونەش یاخی‌بوونە لە دەورو رۆژگارێکی پڕاوپڕ لە چەوسانەوەی

بیر, خواستەکانی کۆمەڵ لەبەرامبەردا سەپاندنی بیرێکی کۆنەخواز کە هەمیشە کۆمەڵ رەتی ئەکاتەوە چونکە دابڕانە لە دیرۆکی خۆی.

سەلاح شوان ئەگەرێتەوە بۆ مێژوو و ئاماژە بەزەردەشت و باوەڕەکەی ئەکات بە مەزدەك و مەزدا ئەو خوایەی کە زەردەشت لەی ئەدویٚ ئا هورا مەزدا بووەتە هێمایەکی پیرۆز .وە بە گیانێکی شۆرشگێڕییەوە خۆی پێوە گریٚ داوەو پاشان بەستنەوەی ئێستا بە رابردووەوە بووەتە کرۆکی بیرو باوەڕەکەی چونکە کۆمەڵگای کوردەواری خاوەنی باوەڕێك بووە و لەی زەوت کراوە ئەوەتانێ لە شیعری ((داستانی فریشتەیەك))دا ئەڵێ

کابرا کوێرەکەی بەردەرگای مزگەوت
ئەو ڕێچکە خزەی پێ نیشان ئەدا
کەوشەکانی زەردەشتی لێ کەوت
بەڵام فریشتە گۆشەکراوی شۆرشگێڕیتی
بێ کرمۆڵی ژەنگ لەبەر کردووی
کۆنە پەرستگای باپیرەی مردووی
چاو هەڵئەکۆڵێ
تاکو ئەو شەوقە دروستکراوە
دەربهێنێ کەلەناو چاوانیا خۆی مەڵاس داوە
داخی کوشتنی کۆرپەکەی مەزدەی پێ دەربهێنێ
شورەی ناسۆری شەو بسووتێنێ
بت و بتخانە دابڕوخێنی.
چونکە بە تەنها هەر خوایەك هەیە بڕوایەك هەیە (٤٦)

سەلاح شوان لە حەفتاکان دا بە ئاشکرا بانگی یاخی بوونەکەی رائەگەیەنێ و خۆی لەناوە رۆکە ئاساییەکان ئەترازێنێ و بەرەو پابەندبوون بە نەتەوەو نەتەوایەتی و جولانەوەی شورشگێرییەکەی گریٚ ئەدا,دواتریش بەشێکی شیعرەکانی لە گۆڤاری روانگەدا بلاوکردەوە خۆشی لەخانەی ئەو گروپەدا دۆزیوەتەوە و بوو بە بەشێك لەوان.

لە شیعری ((لە روانگەی یاخی بوون و شۆرشگێرییەوە))پێشمەرگەو کێشە رەواکەی کردووەتە کرۆکی چامەکە.

ئەی پێشمەرگەی ریٚگای وشکی نادیاری
لە گۆمی خوێنی پڕ گرمەی شەوی زاواو بوکێنیدا
پاش تەمەنێکی دڵداری چاوەکانت دوو بۆمبایە
بە دوای گڕی ئاواتەکەی زەردەشتەکەی کوردستانا ئەگەڕی.

یان.

لە یاخی بوون و شۆرش و لە مردنا
خوێنی رژاوی کوردستان ئەکەیتە ملوانکەی دیاری

بۆ سنگی وەرزی شاخەکان..
هەتا....
لە یاخی بوون و شۆرش و مەرگا
دەم ئەنێینە دەم شارەکەی خۆمان
دەم ئەنێینە گوێ مەمکە گەرمەکەی سەرسنگی ئاسمان.
یاخی لە خۆری بێ ناونیشانی درۆی ئەم شارە
شۆرش لە دژی مێشکی بێ گییانی
تەسلیم بەندی دووای ئەم ئازارە. (٤٦)

یاخی بوونەکەی بوژانەوەی سەر لەنوێ ژیان و پابەند بوون بە خەبات و مانای یاخیبوونی نەتەوەیی لەخۆی گرتووە چونکە ئەو قۆناغەی ژیانی کوردەواری ئەوەی هەڵگرتووە کەکت ومت لەو بۆچوونەی ئەلبیرت کامۆ ئەچێ یان رەنگدانەوەیئەو بۆ چوونەیەتی کە ئەڵێ ((تەنها خەسڵەتەکە ژیان ئەبوژێنێتەوە لەبوونی تاک دا وەك هێزێکیکاراو تیژرەو پاڵیپێوە ئەنێ بۆ رووبەروو بوونەوەی هەموو شتێ لە جیهان دا ،لە یاساوسیستەمەکانی,رەوشتەکانی، بەهاکانی، نەریتەکانی،شێوازی ژیانی تەنانەت کەیانی خودی خۆشی))(٤٧)یاخود((یاخیبوون ئەو شۆرشەیە کە بەهاکان بە ژیان ئەبەخشێ ئەوکاتە بلأوئە بێتەوە کە هەموو ژیان بگرێتەوە جوانی ورەونەق ئەبە خشێنێتەوە))(٤٨)

بێگومان ئەوبزاڤە شیعرییە ی کوردی و ئەو نوێ گەرییەی کە شاعیرانی کەرکوك لەو قۆناغەدا دەستیان دابوویە ،لە
دوولایەنەوە سیماو رواڵەتیدەرکەوتووە ودوو خەسڵەتی نوێی گرتە خۆ کە((یاخیبوون لە ناوەوە ویاخیبوون لەدەرەوە))بوون .
ئەو گۆرانە نوێیەی شیعری کوردی کەرکووك لەباری ناوەرۆك وبیری تازەوە کە خۆ دەرباز کردن لەو ناوەرۆکە ئاسایی
یانەی شیعری پێشووی وەك خۆشەویستی و غەزەلی دڵداری وستایش و بابەتی ئاینی بوو. ئینجا بەرەو بەکارهێنانی
وشەو دەربرینی لەبارو پرکەف و کوڵ جۆش وخرۆش ئامێز و شکاندنەوەیان بە باری دەربرینی بیری نوێ وبیرکردنەوەی قول کە لەوە پێش بەو جۆرە نەبووە.

واتە زمانێکی جیاواز تر لەوەی پێشوو وەك چۆن ئەدۆنیس ئەڵێ((شاعیر وشەکان لە دە لاقە کۆنە کەی دائەماڵێ و
شەحنی ئەکاتەوە بەدەلالەتی نوێ بۆ ئەوەی شتێك بڵێکە لەوە پێش نەوترابێت))(٤٩)
ئەم جۆرە گۆرانەش وەك یاخی بوونێك وسیمایەکی تازە لەهەتاوی دەقەکان دا خۆی دەرخست .
لە دەرەوەی دەقیش واتە تەکنیك واز هێنان لە سیستەمی بەکار هێنانی کێش و سەروای کۆن و بەکارهێنانی کێشی

بڕگەیی و دانانی شیعری سەربەست و بابەتی پەخشانە شیعر .
هەر ئەو بزاڤە شیعرییەی کەرکووك کە سیمای یاخی گەری بە خۆوە گرتبوو .ئەوەش بۆ ئەو سەردەمە کارێکی نوێ
بوو. چونکە گۆڕانێکی بە رچاوی تێدا دەرکەوت و بەرە و نوێگەری هەڵکشا .ئەم جولانەوەیە ئەم گۆرانە نوێیە جێی
سەرنج وتێرامانی گەڵێ لەنووسەرانی ئەو قۆناغە بوووەك شاعیران خۆیان باسی لێوە ئەکەن کە مملانێو دژایە تیان کراوە.لەمپەریان لەبەردەم دا دانراوە . بەتایبەتی لەو دەمەی کەویستوویانە لە بەیاننامەیەکدا ئامانج وخواستەکانی خۆیان بخەنەروو . وەك ئەو هەوڵانەیلە یەکە مین کۆنگرەی نووسەران تەمموزی ١٩٧١و یەکەمین میهرەجانی شیعری
کوردی لە کەرکوك . کە بەدوایدا لەتیف هەڵمەت و عبدالسەلام گیراون ،پاشان بەهەوڵی هەندێ کەسێتی ئازاد کراوە[٥٠]
هەر لە بەیاننامەکەیان دا دەرکەوتووە کە لە توانایان دا بووە پرۆژەیەکی نوێ بۆ شیعری کوردی وئەدەبی کوردی دانێن کە تیایدا سیماو شێوەی یاخیبوونێکی نوێ هەڵگرێ.
بەیاننامەکەش بەناونیشانی (شێتەکان ، سەرنج, هەڵویست ، پرۆژە)بووە کە بیرۆکەی توندرەوی ،سەرنج و تێرامان وهەلویست وەرگرتن و کارو چالاکی نوێی هەڵگرتووە ، بیرۆکەکەشی بۆ کۆتایی شەستەکان ئەگەرێتەوە وسەردەمی
بلاْوکردنەوەکەش ناوەراستی سالْی ١٩٧٠یە لەپەرەگرافێکیدا نووسراوە ((هەڵبەستی کوردی هێشتا دیلیئەو قاوغەیە کە هەر لەمنالْییەوە کراوە بە پۆیلانەی ، کاتێئەوە هاتووە کە شۆرشێك بەرپا بکەین بەسەر هەموو ئەو سنوورو یاساو رژێمانەدا کە تاکو ئێستا هەڵبەستی کوردی شەتەك داوە,گۆرانیش بێ شۆرش نابێ)) [٥١]
ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە هەڵبەستی کوردی لەو بارە تەقلیدییە کلاسیەیە کۆنە رزگار بکەن,سنورو دەستوورو یاساکانی بشکێنن ئەوەش بەکاری گۆران ئەبێ و بەرپاکردنی شۆرشێکی ئەوێ,هەم بۆچوونەکان و هەم کارەکان لە خۆیان دا بانگەوازێکی نوێگەرییە و ئەوان پێشەنگی بوون
هەر ئەو نوێگەرییە کە شاعیرانی کەرکوك دەستیان داپێو پێشەنگیبوون و روانگەییەکان ئامارژەیان پێکردووە.هەوڵیشیان داوە لێیان نزیك ببنەوە و کارەکان بە هاوبەشی ئەنجام بدەن لەو بارەیەوە شێرکۆ بێکەس ئەڵێ ((نوێکردنەوە تەنها لە روانگەدا نەبووە بەڵکو لە جیلی کەرکوکیشدا هەبووە,ئێمە یەکتریمان بینی و ویستمان بەیەکەوە بەیاننامەکە دەرکەین لە بیرمە من و حسین عارف پێکەوە چووین بۆ کەرکوك,لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەتمان بینی,بەلاْم ئەوان نەهاتنە پێشەوە لەبەرچەند هۆیەك تا ئێستاش نازانم چیبوو)) [٥٢] هەر لەو بارەیەوە وەك ئامارژەیەك بۆ نزیك بوونەوەی گروپی روانگە لە شاعیرانی کەرکوك دیسان شێرکۆ بێکەس ئەڵێ((ئینجا لە هەمان کات دا .ئەوەش دەڵێم دیوانی خواو شارەبچکولەکەمان ,لەتیف هەڵمەت بەبڕوای من یەکێبوو لەشتی تازەو جوانەکانی ئەو وەختە)) [٥٣]
هەر لەتیف هەڵمەتیش لایەنێکیتری هەڵویستی روانگەی باس کردووە ئامارژەی پێداوە.کە ئەڵێ((لە ژمارە(٢٩و٣٠))) هاوکاری سالْی ١٩٧٠یەکێ لەروانگەییەکان بەبێناو وتارێکی بلاْوکردەوە تیایدا ئەوەی دەربڕیوە کە ئەوان واتا روانگەییەکان داوای جۆرە دەقێك دەکەن لەو دەقانەی خواو شارە بچکۆلەکەمان ,ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێ کە روانگەییەکان دوای دەرکردنی بەیاننامەکەیان دەقێکی ئەوتۆیان نەبووە بیکەن بە نموونەی ئەو بابەتەی کە بانگەشەیان بۆ دەکرد,بە ناچاری پەنایان بردووە بۆ دەقەکانی دیوانەکەی من خواوشارەبچکۆلەکەمان)) [٥٤]
لەهەمان شوێن دا ئەڵێ شیرکۆ بێکەس وتوویەتی ((خۆم بە لقی هەتاوەکەت دا هەڵواسی)) [٥٥]
کە هیمایە بۆ ئەو وێنە شیعرییە تازەیەی لە هۆنراوەیەکی دیوانی خواوشارەبچکۆلەکەمان دا ل٤١
وەك لە نووسین و چالاکی و ململانێکان دا دەرکەوتووە ئەم دەستەیەی شاعیرانی کەرکوك خۆیان

به گروپی کەرکوك کفری ئەناسێنن و ناوی گروپیان لەخۆ ناوە.لە چاوپێکەوتن و سیمنارەکان دا ئامـاژە بـە رۆڵـی خۆیـان ئـەدەن گلـەیی رەخنـە ئاراسـتەی رەخنـەگران ئەکـەن بـەوەی کـە رۆڵـیـان فەرامۆش کراوە.وماندوبوونیان بەهەند وەرنەگرتوون....
لـەناو ئـەم دەسـتـەیەدا چـەند دەنگێکـی دیـاری وەك لـەتیف هەڵـمـەت و ئـەنوەر شـاکەلی لـە بـواری نوێگەری شیعری کوردی کەرکوك دەرکەوتن, چونکە نویٚ خوازی لەسەردەستی لەتیف هەڵمەت لە خواوشارە بچکۆلەکەمان و ئەنوەر شاکەلی لە پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی دا دەستی پیٚکردووە کە لـە کـاتی خۆیـدا سـەداو دەنگدانەوەیـەکی گـەورەیان هـەبووە لـە شیعری کوردیـدا ئەمـە جگـە لـە کاریگەری روانگە بەتایبەتی لەلایەن تیوری و بەرچاو خستنە ئەودەبییەکان دا (٥٦)
لەناو ئەم گروپەدا جگە لە ناوی لەتیف و ئەنوەر هی تری وەك لەتیف حامدو ئەحمەد شاکەلی و چەند ئەدیبێکی تریش هەبوون .وەك خۆیان ئاماژەی پیٚدەکەن لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا بـوون و کۆمـەڵی هـۆنراوەی (المسرح والمرایـا)ی ئەدۆنیسـیان خوێندووەتـەوە بەتایبـەتی دوای ساڵانی ١٩٦٥-١٩٦٨ پێچەوانەی گروپی روانگە ,زیاتر دور بوون لە کەلەپوری رۆشنبیری کوردی و نزیك بوون لە ئەدەبی عەرەبیەوە (٥٧)
راسـتە لـە کاریگـەریی رۆشـنبیری عـەرەبی بەدەرنەبوون,لەگـەڵ ئەوەشـدا کەلـەپوری کـوردی و رۆشـنبیری کوردییـان فـەرامۆش نـەکردووە کۆمـەڵیٚ رووداوی مێـژوویی و نـاوەڕۆکی واقیعـی کـوردەواری و بـیری نەتەوایـەتییان کردووەتـە کەرەسـەی دەربـڕین لـە شـیعرەکانیان دا وەك ئـەو نمونانەی کەلە تەوەری دووەمی توژینەوەکە ئاماژەیان پیٚدراوە...
وە ئەبیٚ هەرتەنها ئەو شاعیرانەی کە لەدوو تویٚی توێژینەوەکەدا رۆڵی کاریگەریان هـەبیٚ لـە پێشخسـتن و گەشـەی شـیعری کـوردی کـەرکوك دا وهێنانـە کایـەی ئـەو دیلـردە نوێگەرییە,بـەڵکو کۆمەڵیٚ شاعیری تریش بەبەرهەمی نویٚی خۆیانەوە حزوریان هەبووە.لە رۆژنامەو گۆڤارو کۆڕو سمینارەکـانی ئـەو قۆناغـەی کـەرکوك دەوریـان هـەبووە وەك جـەبار جـەباری و شێرزاد جـەباری و فەرمان کەمەر و چەندین شاعیری لاوی تر کە ئەکریٚ ببنە ناوەڕۆکی باس و توێژینەوەیەی تر...

سەرچاوەو پەراوێزەکان .

(١) فاضل العزاوي, الروح الحية, جيل الستينيات . دمشق/ ١٩٧٠ , د. محمد احمد سعيد. کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی , نامەی دکتورا, زانکۆی سلێمانی, ٢٠٠١, ل ٢٤٧

(٢) میدیا یوسف الحیدری . یوسف الحیدری , ٢٠٠٠, ص ٢٢

(٣) سامی شۆرش, الحرکة الثقافية الکردية الحديثة, ١٩٧٠-١٩٧٥, مراجعەو تسليط اضوا, جريدة المؤتمر, العدد, ٣٦ , ١٧ کانون الثانی , ١٩٩٤, ص٩

(٤) غەفور سالح عەبدوڵلا , ئەدەبی هاوچەرخی کەرکوك, ئالاٚی روونـاکبیری مانگ نامەیـەکی رۆژنامـەی ئـالاٚی ئـازادی , ژمارە, (٥), ٢٠٠٢/١٢/٣١ ل٦

(٥) هەر ئەو سەرچاوەیە , هەر ئەو لاپەرەیە .

(*) ئەم گروپە لە ١٤ تەمموزی ١٩٧٠ بەیاننامەبەکیان نووسیوەو لە ژێر ناوونیشانی (شیتەکان, سەرنج , هەڵوێست , پرۆژە)دا لەکۆنگرەی نووسەرانی هەولێر دا ساڵی ١٩٧١ ویستویانە بیخوێننەوە , هەروەها لە میهرەجانی شیعری کەرکوك یش دا بە هەمان شێوە هەوڵیان داوە , بەلاٚم نەیانهێشتوە .تەنانەت ململانێش کراون , دەقی بەیاننامەکەشیان لەکونگرەدا دابەش کردووە .

لە کفرییەوە بۆ کۆتاییەکان, گۆڤاری ماموستای کورد, ژمارە (٣٠ و ٣١) ١٩٩٦ ل ١٩ . چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت

(٦) زاهر الجيزانی , الشاعر لطيف هلمت , مرأت مطلية بالشموع , جريدة العراق , ١١ حزيران , ١٩٩١

(٧) هەر ئەو سەرچاوەیە

(٨) بدر شاكر السيياب , جريدة المرفأ , ملحق مجلة الأزاعة والتلفزيون , العدد ١٦ , ٢٥/ ١٩٧٦/١٢ , ص ٨
(٩) سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ) کۆکردنەوەو ڕێکخستنی سامان مارف بەرزنجی , عمر معروف بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوەو ساغی کردوەتەوە, هەولێر , ١٩٩٣ , چاپخانەی ڕۆشنبیری , ل ١١٥ .
(١٠) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ٩٩
(١١) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ١٤
(١٢) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ١٢٢ و ١٢٣
(١٣) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ١٢٤
(١٤) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ١٢٥-١٢٧
(١٥) دیوانی لوتفی, شێخ لتیف شێخ ڕەزا بەرزنجی , ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری لاوان , چاپی یەکەم , ١٩٨٤ , ل٧٧
(١٦) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ٣٣
(١٧) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ٦٨ و ٦٩
(١٨) لەتیف هەڵمەت , خواو شارە بچکۆلەکەمان , ئایاری ١٩٧٠ , چاپخانەی الشمال, کەرکوك , ل ٥و٦ .
(١٩) سەلاح شوان,دڵدارەکەم پایزە گەوابڵەیەك ذیبە, دەزگای ڕۆشنبیری بلاوکردنەوەی کوردی , دار الحرية للطباعة , بغداد , ١٩٧٨ , ل ٦٩
(٢٠) سەلاح شوان , دڵدارەکەم پایزە گەواڵە یەك ذیبە, بغداد , ١٩٧٨
(٢١) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ٧١
(٢٢) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ٨٢
(٢٣) ئەنوەر شاکەلی , پرۆژەی کودەتەیەکی نهێنی , ١٩٧٣ , بەغداد ,
(٢٤) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ١٥و١٦
(٢٥) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل ٤٠-٤٥
(٢٦) دیوانی گۆران , بەرگی یەکەم کۆکردنەوەو ئامادەکردن و پێشەکی بۆ نووسین محمدی مەلا کەریم , چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق , بەغداد , ١٩٨٠ , ل ٥٧
(٢٧) الشاعر لطيف هلمت , حوار شهاب القرة لوسي , جريدة الأتحاد , عدد (٣١٩) في ١٩٩٩/٥/٢١ , السنة السابقة , ص٨
(٢٨) گۆڤاری ڕزگاری , ژمارە (٥) ساڵی (١) , ١٩٦٩/٦/٢٢ , ل٣٩
(٢٩) لەتیف هەڵمەت , نوار شارە بچکۆلەکەمان , ئایاری ١٩٧٠, چاپخانەی الشمال , کەرکوك , ئایاری , ١٩٧٠ , ل٢٠-٢٢ .
(٣٠) گۆڤاری رزگاری,ژمارە (٩),ساڵی یەکەم ,٢١ کانونی یەکەم,١٩٦٩,ل٢٣
(٣١) لەتیف هەڵمەت ,خواو شارە بچکۆلەکەمان ,چاپخانەی الشمال ,کەرکوك ئایاری١٩٧٠
(٣٢) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٤٥-٤٧
(٣٣) هەر هەمان سەرچاوە ل٥١
(٣٤) هەر هەمان سەرچاوە ل٢٤و٢٦و٢٧.
(٣٥) عزالدين عبدالرضا , لطيف هلمت من دوامة الاستعداد لميلاد اخر, مجلة الثقافة, السنة الرابعة ,١٩٧٤, ص١٢٥- ١٢٦
(٣٦) کەمال میراودەلی , لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی شیعری نوێ , سەرنجێك لە خواو شارە بچکۆلەکەمان , گۆڤاری هەتاوی ئەدەبی,ژمارە (٤و٥) , حوزەیران و تەمموزی ١٩٩٦ ,ل٤
(٣٧) لطيف حامد البرزنجي , مستلزمات الثورة والتجديد في الشعر الكردي المعاصر, جريده التاخى١٠/٦/.١٩٧٠.
ئەم وتارە ئەدەبییەی لەتیف حامید بەیەکەم وتاری ئەدەبی دەربارەی شیعری کوردی هاوچەرخ لە قەڵەم ئەدرێ.
(٣٨) ئەنوەر شاکەلی , پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی , ١٩٧٣ , ل٥ .
(٣٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٧-٩
(٤٠) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٨
(٤١) الطريق والحدود ((بحثا عن الذات الضائعة)) يوسف عبدالمسيح ثروت , مقالات في الادب والمسرح والفن , وزارة الثقافة والاعلام , دار الحرية للطباعة , بغداد , ١٩٧٧ , ل٤٧
(٤٢) سەلاح شوان , دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەك ذیبە ل١٢
(٤٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٢٨

(٤٤) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٩١و٩٢

(٤٥) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٩٤

(٤٦) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٩٨و٩٩

(٤٧) گۆڤاری روانگە , ژمارە (٢) , ساڵی١٩٧١ , ل٢٦و٢٧

(٤٨) يوسف عبدالمسيح ثروت, الطريق والحدود, بحثا عن الذات الضائعة, وزارة الثقافة والاعلام دار الحرية للطباعة, بغداد, ١٩٧, ص٤٨

(٤٩) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٤٧ , اسطورة سيزيف , البير كامو , ترجمه انيس زكى حسن .

(٥٠) ادونيس , الثابت والمتحول , صدمة الحداثة , دارالعوده , بيروت , ١٩٧٩ , ص٢٩٢

(٥١) لە کفرییەوە بۆ کۆتایییەکان , گۆڤاری مامۆستای کورد , ژمارە (٣٠ و٣١) ١٩٩٦ , ل١٩

(٥٢) هەر ئەو سەرچاوەیە ل٢٠

(٥٣) علی طاهر حسین , کاریگەریی روانگە لە نوێگەری شیعری کوردی دا ,نامەی ماجستێر , زانکۆی سلیمانی , بەشیکوردی , ٢٠٠٠ , ل٥٦وچاو پێکەوتنی علی تاهیر حسین لەگەڵ شێرکۆ بێکەس .١٩٩٩/٣/٤ ,شوێن: دەزگایچاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی

(٥٤) هەر ئەو سەرچاوەیە , ل٥٩

(٥٥) لە کفرییەوە بۆ کۆتایییەکان ,گۆڤاری مامۆستای کورد ل١٥

(٥٦) هەر ئەو سەرچاوەیە ل١٥و١٦

(٥٧) نەجات حەمید چەند سەرنجێکی ئەدەبی و زەق بوونەوەی خود لە ناو وەهمێك دا , رۆژنامەی برایەتی , ژمارە(١٤٥) ,١٩٩٢ , ل٣.

(٥٨) علی طاهر حسین , کاریگەریی روانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ل٥٤-٥٩

ئەنجام

شیعری هاوچەرخی کوردی کەرکوك ,یەکێ لە سیما دیارەکانی لەوەدا بوو کە رواڵەتێکی نوێگەری بەخۆوەگرت,کەلە سەرەتاوە سەرچاوەکەی لە کاریگەریی بزوتنەوە تازە گەرییەکەی ناوچەی سلێمانی بەدەربوو,لە سەرەتای شەستەکانەوە شاعیرانی کەرکوك بەو بزاڤە شیعرییەی سلێمانی کاریگەر بوون دواتر بەسوود وەرگرتن لە کاریگەریی رۆشنبیری ئەورووپی و ئەو بزووتنەوە ئەدەبیە شیعرییەی نووسەرانی شەستەکان و هەروەها جولانەوەی روانگە .توانیان تەکانێکی تر بە بزاڤی شیعری کوردی بدەن و بەرەو پێشەوەی بەرن,چونکە لە دوو لایەنەوە گۆڕانیان بەسەردا هێنا لە باری ناوەڕۆکەوە سەرچاوەو بنەماکەی گەرانەوە بۆ مێژووی دێرینی کورد و بایەخدان بە کلتورەکەی و کێشەکانی نەتەوەو خاك و نیشتمان بوو.هەروەها وازهێنان لەو سیستەمە کۆن و ئاسایییانەی شیعری پێشوو.لە باری روخساریشەوە خۆ دەربازکردن لە کۆت و پێوەندی کلاسیەکانی ئەدەبی کۆن.

هەر ئەو نوێگەرییە بە تایبەتی لە ناوەراستی شەستەکانەوە تاوەکو سەرەتای حەفتاکان سیمای یاخی بوونێکی توندی بەخۆوە وەرگرت , یاخی بوون لە نەریتە دزێوە کانی کۆمەڵگا ,,لە کۆت و پێوەندو بۆچوونە کلاسیەکان , ئەو نوێگەرییەی کە شاعیرانی کەرکوك دەستیان دایێ نەقش و کاریگەریی و رەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو بۆ سەر نەوەکانی حەفتاکان و تەنانەت دوای ئەو قۆناغەش کە شیعری کوردی بەرەو کرانەوەو ئاقارێکی نوێو بەرزتردا برد.

ملخص البحث

هذا البحث الموسوم (ملامح الحداثة فى الشعر الكردى المعاصر لمدينة كركوك بين عامى ١٩٦١-١٩٧١ دراسة وصفية و تاريخية ونظرا لما لتلك المرحلة من اهمية حيث الحياة الاجتماعية والسياسية والثقافية فيها كانت تتارجع بين النماء والتدهور و انعكاس هذه الحالة فى شعر شعرائها اثرنا ان يكون هذا موضوع بحثنا والذى انجزناه بثلاثة محاور

يتناول المحور الاول نبذه تاريخية عن تلك المرحلة واسباب بروغ الحداثة فى شعر شعراء الكرد.

فيما يتناول المحور الثانى التجربة الشعرية لشعراء بداية تلك المرحلة وحتى نهاية الستينيات كما ويتضمن المحور الثالث استمرارية تلك المرحلة حتى بداية السبعينيات واخر ما تضمنه هو التطرق الى التجربة الشعرية للشعراء الثلاثة (لطيف هلمت , انور شاكلى , وصلاح شوان)

Introduction

This research deals with a historical description under the title ((Karkus Kurdish contemporary poem)), which deals with the modernazation features in 1961-1971 because that stage was an important historical one in the social, political and culfural life in Karkuk.

I devided this research into three axises

First axises deals with a historical back ground of that stage and the factors of the modernazation in Karkuks Kurdish poem.

Second axise deals with the poetical circumstances of the poets in the behinning of that stage till the end of the sixties

Third axise deals with the end of the seventies in the poetical circumstances of three poets ((Latif Halmat, Anwar Shakaly and Salah Shwan)).